# باشووری کوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا 1992–2005

ئەمرۆ هەینی 2004/11/26 دوا بەرهەمی نووسەری ناسراو حامید گەوهەری پەرتووکی ((باشووری کوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا 1992–2005 )) دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران ئەم پەرتووکە باس لە ڕووداوەکانی 13 ساڵەی باشووری کوردستان دەکات.ئەم پەرتووکە بە پشت بەستن بە بەڵگەنامەکانی 13 ساڵی رابردووی باشووری کوردستان و چەندین دیدار و چاوپێکەوتن نووسراوە. لە 13 فەسڵ و هەر فەسڵەی لە چەند بەشێك پێکهاتووە. هەر بەشەی باس لە ڕووداوێك دەکات و هەر فەسڵەش پەیوەستە بە ڕووداوەکانی یەك ساڵەوە. کتێبێکی دیکۆمێنتیی و بەرهەمێکی بە نرخە بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوی وردتر لەسەر باشووری کوردستان بکۆڵنەوە. کتێبەکە 646 لاپەرەیە لەلایەن بڵاوکراوەی کاوە و بە بەرگی ڕەنگیی پلاستیك بە چاپ گەێنراوە .

